# چاوپیاخشانێك بە سستمەکانی هەڵبژاردندا

قائد محمد طربوش ردمان و:رەئوف شوانی

1 پێش ئەوەی باسی سستمی هەڵبژاردن بکەین، دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کەوا مەبەستی مافی هەڵبژاردن ئەوەیە کە هاولاتی تەمەن هەژدە ساڵی ئەو پاڵێوراوانە هەڵبژێرێ کە پێی باشترە لەوانی تر.

2 مەبەست لە هەڵبژاردن جێبەجێکردنی ئارەزووی کۆمەڵی دەنگدەرانە لە دەوڵەتدا بەپاڵاوتنی ئەو کەسەی کە بەباشی ئەزانن و شیاوی ئەوجێگایەیە کە هەڵبژاردنەکەی بۆ ئەنجام ئەدرێت.

3 راپۆرتەکانی تێروانینی یاسانلسان دەربارەی پرس و گرنگی مافی هەڵبژاردن ئەمانەن:

**1 –مەبەست لە مافی هەڵبژاردن:**

1 بەشێکی یاساناسان هەڵبژاردن بەمافێك لە مافەکانی هاوولاتی ئەزانن، بەو پێیەی کە ئەم هاوولاتیە بەشێك لە سەروەری گەل لە ژیانی رۆژانە مومارەسە ئەکات، گرنگی ئەم بەشداربوونەشی لەهەڵبژارنی دیموکراسی نوێنەرایەتیدایە لەبەر ئەوە هەڵبژاردن بەمافێك لەمافە بنچینەییەکانی دائەنرێت.

بەپێی بۆچوونی زانایان دەسەلاتی هەڵبژاردن ئەومافە بەهاوولاتی ئەدا کەناکرێ لێی زەوت بکرێ، چونکە مافێکی کەسایەتی مرۆڤە لە بونیەوە، بەو پێیەی هەڵبژاردن مافی کەسییە کەواتە هاوولاتی ئازادە مومارەسەی ئەم مافە بکات یان مومارەسەی نەکات.

2-هەندێ لەیاساناسان هەڵبژاردن بە ئەرکێکی وەزیفی ئەزانن لەسەر هاوولاتی کە ناکرێ گوێی پێ نەدات ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە پشت بەو گوتەیە ئەبەستن کەوا ئەڵێ سەروەری میللی نەتەوە بەکەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ لەئەندامە سروشتیەکانی گرنگی پێ ئەدات و بەرێوەی ئەبات، ئەو هاوولاتیانەی کە مومارەسەی دەسەلاتەکانی ئەکەن، ئەوان تەنها ئەندامێکن لەم نەتەوەیەدا، بە ناوی ئەوەوە دەنگ ئەدەن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی، کاتێ کە هاوولاتی مومارەسەی هەڵبژاردن ئەکات، ئەرکێکی دیاریکراو ئەنجام ئەدات کە یاسا دیاریکردووە بۆی بەو سیفەتەی ئەندامی نەتەوەیەکی شکۆمەندارە.

2-**شـــێوەکانی هەڵبــــژاردن:** هەڵبژاردنـــەکان شـــێوازی جیاجیایـان هەیــە، گرنگتریـنیـان هەڵبــژاردنی مــەرجادارو هەڵبژاردنی گشتییە.

**أ- هەڵبژاردنی مەرجدار:**

ئــەو ســستمەیە کەمەرجــە دەنگـــدەر کـــەمێك دەســت رۆیـشتوو بێـت یـان تـا رادەیـەك خوێنـدەواربێتو تـەنها بۆ پیاوانیشە.

**ب- هەڵبژاردنی گشتی:**

ئــەو ســستەمەیە کــە رێگــا بــە هــاوولاتی ئــەدات مــافی دەنگـدانی هـەبێت لەولاتـدا بـە چـاو پۆشـی لـە جۆری رەگـەز یـان سامان یـان خوێنـدەواری یـان بـاوەڕ.. ئەگـەر دەنگـدەر خـاوەنی رەگەزنامـەو تەمەنی یلسایی هەڵبژاردنی هەبێت.

3-هەڵبـــژاردنی نارلســـتەوخۆو هەڵبـــژاردنی راستەوخۆ:

1-هەڵبــژاردنی ناراســتەوخۆ: دەنگــدەران دەنــگ بـە نوێنـەرەکانیان ئـەدەن کـە کـاری هەڵبـژاردنی ئەنـــدامانی دەســـەلاتی یاســـادانانو ســـەرۆکی دەوڵــەت ئەکــەن، بــە دوو قۆنــاغ یــان بــە ســی قۆناغ.

**خەوشەکانی ئەم سستمە:**

جـــەماوەری دەنگـــدەر لـــە هەڵبـــژاردنی نوێنـەرەکانیان دوور ئەخاتـەوە، لەبـەر ئـەوە دەســەلاتی یاســادانان نوێنــەری راســتەقینەی گـەل نابێـت، بۆیـە لەگـەڵ سـستمی دیموکراسـیدا ناگونجێ.

2-هەڵبــژاردنی راســتەوخۆ: دەنگــدەر راسـتەوخۆ کاندیــدکراوی دەســەلاتی یاســادانان یــان ســەرۆکی کۆمــار هەڵئەبــژێرێ بــێ ئــەوەی لــە هــیچ لایەکــەوە وەســیتی هەبێت.

ئەم سستمە ناو ئەبرێت بە هەڵبژاردنی یەك قۆناغ .

ئــەم ســستمە ئــەبێت بــە هــۆی ئــەوەی رای راسـتەقینەی گــشتی گــەل بزانرێــت بــۆ هەڵبــژاردنی نوێنەرایــەتی لەدەســتەی نوێنەرایــەتیو گوزارشــت لــەئیرادەی راســتی دەنگـدەر ئــەکاتو بــەهۆکارێکی کاریگــەر دائــەنرێت بــۆ پەروەردەکردنی گەل بەروحی دیموکراسیانە.

4-**رێگەکانی سستمی هەڵبژاردن:**

دابەش ئەبن بەسەر ئەمانەی خوارەوە:

1-**سستمی هەڵبژاردنی تاك:**

بــەپێی ئــەم ســستمە دەوڵــەت دابــەش ئــەبێت بــۆ چــەند بازنەیــەکی بــچووکی هەڵبــژاردن، بــەپێی ئــەم ســستمە دەنگــدەر دەنــگ ئــەدات بــە تــەنها یــەك کانــدیك لــە کاندیـــدکراوەکان لـــە بازنەیـــەکی هەڵبژاردنـــدا، لەبـــەر ئـــەوە لەهـــەر بازنەیــەك لەبازنەکانــدا تــەنها یــەك نوێنەر براوە ئەبێت.

> **مەبەست لەسستمی تـاك بەزۆرینـــەی رێـــژەیی، ئـــەبێ پـــاڵێوراو زۆرترینی دەنگـەکان بـە دەســـــت بێنێـــــێ لەبازنەکــــەدا بــــە بـــەراوردکردنی لەگـــەڵ ئـــەو دەنگانـــەی کـــە پاڵێوراوەکـــانی تـــر بەدەســـتیان هێنـــاوە بەچـــاو پۆشـــین لـــە زۆرینەی رەها**

**سستمی هەڵبژاردنی تـاك دابـەش ئـەبێ بۆ:**

1-هەڵبــژاردنی تــاك بەزۆرینــەی رەها.

2-هەڵبــژاردنی تــاك بەزۆرینــەی ساکار.

مەرجـــە کانديـــد بەزۆرينـــەی دەنگـــی تـــەواو لـــە بازنـــەی ســـستمی زۆرینـــەی رەهـــا 1-5 دەنگـی دەنگـدەران سـەرکەوتن بە دەست بێنێ.

لەبــەر ئــەوەی کانديــد دەنگــی زۆرينـەی رەهـا ناهێـت لـەخولی یەکــــەمی هەڵبژاردنەکانــــدا دووبـاره هەڵبـژاردن ئـەنجام ئەدرێتـەوە لـە نێـوان ئـەو دوو کەسـەی کـەزۆرتین دەنگیـان هێنـاوە لـە خولی یەکەمدا لەو بازنەیەدا.

لـە خـولی دووەمـدا بـە زۆرینـەی سـاکار کانديـد سـەر ئەکەوێت .

هەندێ لەیاساکان مەرجە پاڵێوراو چارەکی دەنگەکانی دەنگدەران بەدەستبێنێ لە بازنەکەدا بۆ بردنەوەی کورسی نوێنەرایەتی، هەر وەکو لە فەرەنسا باوە بەپێی یلسای سالی 1966 ز هەروا پرەنسیپی هەڵبژاردن بە زۆرینەی رەها کە هەمیشە کاریگەریی شارەزایی یاسایی رۆمانی هەیە بەپێی ئەو پرەنسیپەی کە ئەڵێ ئیرادەی بازنەی هەڵبژاردن دەر ناکەوی تەنها بەدەنگدانی کاندیدەکان نەبێت تیایدا لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانەوە.

ئەم بنەمایە لەیاسای رۆمانی هەڵێنجراوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنە گشتیەکاندا لەفەرەنسا سالی 1789 ز پرەنسیپی هەڵێنجراوی یلسای رۆمانیان بە کار هێنا.

**2-سستمی هەڵبژاردنی تاک بە زۆرینەی رێژەیی:**

مەبەست لەسستمی تاک بەزۆرینەی رێژەیی، ئەبێ پاڵێوراو زۆرترینی دەنگەکان بە دەست بێنێ لەبازنەکەدا بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە پاڵێوراوەکانی تر بەدەستیان هێناوە بەچاو پۆشین لە زۆرینەی رەها لە دەنگەکانی دەنگدەران گەر بەدەستی نەهێنا، هەڵبژاردنەکە بەپێی ئەم سستمە لەسەر بناغەی یەک خول ئەنجام ئەدرێت.

مێژووی ئەم سستمی هەڵبژاردنە ئەگەرێتەوە بۆ هۆزەکانی رۆمانیا، لە بەر ئەوەیە بە کۆنترین سستمی هەڵبژاردن دا ئەنرێ و بواری فراوانترینە، لە سالی 1265 ز ئینگلتەرا کاری بەم سستمە کردووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئینگلیزیدا، تائیستاش ئەم سستمە لە ئینگلتەراو زۆر لەو وڵاتانی تری ئەنگلوسەکسونی کاری پێدەکرێ هەندێك لە ماوەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا وەك فەرەنسا کاری پێکردوە، بەکارهێنانی ئەم سستمە بووە هۆی پەیدابوونی دوو حزبی گەورە کە لە ئینگلتەراو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستاو دەستی دەسەلاتی پێئەکەن.

ئەم سستمە لە ئینگلتەراو ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ژاپۆنو هیندستانو بشووری ئەفریقاو مەکسیك و بۆرماو کەمبۆدیاو سوید باوە سوید لەدوای دەرچوونی دەستوور سالی 1974ز کاری پێ کرد.

جیاوازی نێوان سستمی هەڵبژاردنی تاك بەزۆرینەی تاکی رەهاو هەڵبژاردنی تاك بەزۆرینەی رێژەیی لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەیە کە کاندید پابەندە بەدەستی بێنێ.

**جیاوازیەیکانی ئەم سستمە:**

1- ئەم سستمە سادەیە، نوێنەر لە بازنەی بچووکدا زۆرتر لەدەنگدەرەکانیەوە نزیك ئەبێ.

2-کاریگەریی حزبو سەرکردەو گروپەکانی ئابووری و رامیاری کەمتر ئەبێ بەسەر نوێنەرەکانەوە، چونکە سەرچاوەی توانای هەڵبژاردنی نوێنەر دەنگدەرەکانیەتی زیاتر لەوپەیوەندییەی بەحزبەکانەوە هەیە.

**خەوشەکانی ئەم سستمە :**

لە لای بەشێکی یلسانلسان کەمەنەتەوەکانی کە لەو وڵاتانەی کەمە نەتەوەییان تیایە نوێنەریان نابێت لەبەر ئەوەی هەرچەندێ کاندیدەکانیان زۆرینەی دەنگ بەدەست بێنێ (ئیتر رەهابێت یان رێژەیی) ئەو کەمەنەتەوەییانە دەنگەکانیان بەفیرۆ ئەچێ هەرچەندێك بێ.

**جیاوازی نێوان سستمی هەڵبژاردنی تاك و سستمی هەڵبژاردن بە لیست:**

جیاوازی نێوان هەردوو سیستەمەکە لەوەدایە کە سستمی تاك لەسەر پرەنسیپی زۆرینە بنیات ئەنرێ جا ئیتر زۆرینەی رەها بێت یان رێژەیی.

بەلام سستمی هەڵبژاردن بەلیست لەسەر پرەنسیپی جیاوازی نێوان ئەو دەنگانە بنیات ئەنرێ کە بەدەستهێنراوە، ئەو کورسیانەی براونەتەوەو چۆنیەتی هەماهەنگی نێوان ژمارەی ئەو دەنگانەی دراون لەگەڵ ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی ئەبێ.

**2-سستمی هەڵبژاردن بە لیست:**

بەزۆری شێوەی سستمی هەڵبژاردن بەلیست لەسەر دابەشبوونی زەویەکانی دەوڵەتە بۆ بازنەی گەورە، هەر دەنگدەرێك دەنگ ئەدات بەژمارەیەك لە کاندیکراوەکان، ئەم سستمە بوار بەنوێنەرانی هەر بازنەیەك لە بازنەکانی هەڵبژاردن ئەدات بەژمارەیەك لەنوێنەران.

مێژووی هەڵبژاردن بەلیست ئەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان (1840 –1850 )ز لە هۆڵەنداو بەلجیکاو سوید، ئەم سستمە لەپێناو نواندنی کەمەنەتەوەییەکان هاتە کایەوە بەمەبەستی دڵپەروەری بۆ کەمەنەتەوەییەکان کە ئەتوانن لەهەر بازنەیەکی هەڵبژارندا بەدەستی بهێنن، ئەمە هەنگاوێك بوو بەرەو دامەزراندنی سستمی نواندنی رێژەیی، دوای ماوەیەکی کەم بەپێی ئەو تیۆرەی کە ئەڵێ پێویستە ئەو کورسیانەی تایبەتن بە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەشبکرێن بەسەر ئەو حزبانەی بەشداریان کردووە لەهەڵبژاردنەکاندا بەمەرجێك ژمارەی نوێنەرەکان یەکسان بێت بەرێژەی ژمارەی دەنگدەرەکان کە دەنگیان بەو حزبە ئەدەن.

بەو شێوەیە سستمی نواندنی رێژەیی لەسستمی هەڵبژارندا بەلیست دەربارەی دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکان لەبازنەکەدا و دابەشکردنی لەنێوان زۆرینەو کەمینە قایل ئەکات, مەرجە لەلیستدا بوونی حزبە سیاسییەکان رێکخراوی سەقامگیر بن، ئەم سستمە لەو وڵاتانەدا پراکتیزە ئەکرێت کە پێکهاتەی دانیشتوانەکەی فرەنەتەوە بێت.

چەند رێگایەك هەیە بۆ بەکارهێنانی سستمی نوێنەرایەتی رێژەیی:

**1 -شێوازی دەنگدانی ناتەواو:**

ئەم شێوازە لەسەر پرەنسیپی زۆرینەی رێژەیی و مەزەندەی پێشوەخت ئەکرێ کەنوێنەرانی کەمەنەتەوەکان هەبێت لەو بازنانەی نوێنەری زۆریان تیا هەڵئەبژێردرێ.

بەمەرجێك ئەو کاندیدانە دیاری بکرێن کە هەموو دەنگدەرێك ئەتوانێ دەنگیان پێبدات بۆ نموونە ئەگەر یەکێ لە بازنەکان بۆی هەبوو سێ نوێنەر هەڵبژێرێ ئەبی دەنگدەر تەنها دەنگ بەدوو کاندیکراو بدات لەو سێ کاندیدکراوە.

بەم شێوەیە یەك نوێنەر ئەمێنێتەوە بۆ کەمەنەتەوەکان لەزبانەیەکی هەڵبژاردندا ئەگەر توانی دەنگی سێیەکی دەنگدەران بەدەست بێنێ.

**کە لەو وڵاتانەی کەمە نەتەوەییان تیایە نوێنەریان نابێت لەبەر ئەوەی هەرچەندێ کاندیدەکانیان زۆرینەی دەنگ بەدەست بێنێ (ئیتر رەهابێت یان رێژەیی) ئەو کەمەنەتەوەییانە دەنگەکانیان بەفیڕۆ ئەچێ هەرچەندێك بێ.**

ئەم سستمی هەڵبژاردنە لەئەسپیانیاو پرتوگالو دورگەی مالّتا باوبووە دوای ساڵی 1961ز، هەروا لە 13 بازنەدا لە دوورگەی ئینگلتەرا لەماوەی نێوان 867 –1884 هەر بازنەیەك لەم بازنانە سێ نوێنەر هەڵئەبژێرێت.

بەپێی یاسای ساڵی 1912ز ئەرجەنتین کاری بەم شێوازە کرد، کە بڕیاری دا هەر دەنگدەرێك دەنگ بدات بەژمارەیەکی یەکسان بە دوو لەسەر سێی کورسییەکانی بڕیاری لەسەردراوە لەبازنەی هەڵبژاردنەکەدا.

**2-شێوازی دەنگدان بەدەستە جەمعی:**

لەم شێوازەدا لیستی ناوەکانی کانیدکراوان ئەخرێتەڕوو, هەر دەنگدەرێك ئەتوانی ژمارەیەك دەنگ بداتو هاوکاری ژمارەیەك نوێنەران بکات کە بڕیارە براوە بن، لەکاتێکدا دەنگدەر مافی ئەوەی هەیە دەنگ بدات بەزۆرێك لەکاندیدکراوەکان یان هەموو دەنگەکانی بدات

بەیەک کاندیکراو یان بەشیان بکات بەسەر دووان یان زیاتر.

سستمی لیستی ناوەکان مافی دەنگدەر زیاد ئەکا بەگوێرەی لیستی تاک ئەم مافانە زیاتر لەشێوازی دەنگدان بەکۆمەڵ ئەبێت کە دەنگدەر ئازاد ئەکا لەدەنگداندا.

ئەم شێوازە لەموستەعمەرەی (ئەلکابی) ئینگلیزیدا ساڵی 1853ز پیادەکرا لەهەڵبژاردنەکانی لیژنەی خوێندنگاکانی ئینگلیز دوای ساڵی 1879ز، لەهەڵبژاردنەکانی ناوخۆی ژمارەیەک لە ویلایەتەکانی ئەمریکی.

### 3- شێوازی نواندنی رێژەیی پوخت:

ئەم شێوازە لەسەر ئەو رایەی ئەڵێ هەڵبژاردن بەگوێرەی لیستی ناوەکانو بنەمای زۆرینەی رێژەیی بێت پێکەوە، ئەبێ ژمارەی دەنگدەران دابەش بکرێت بەسەر ژمارەی ئەو نوێنەرانەی بڕیارە لەبازنەکەدا هەڵبژێردرێن کاتێ کاندیکراو ئەنجامی دابەشکردنەکەی بەرکەوت بەنیۆنەر دائەنرێت.

### 4- شێوازی نواندنی چەقبەستوو:

ئەم شێوازە پشتبەستووە بەکێبڕکێی لیستەکانی هەڵبژاردن (کێبڕکێی حزبەکان) گرنگ لەم شێوازەدا رێکخستنی لیستی کاندیکراوەکانە، لەم لیستانەدا سەرۆکی هەموو حزبەکان لیستی حزبەکانیان رێک ئەخەن، ئەم لیستە لەلایەن ژمارەیەک دەنگدەرانەوە دیاری کرانو بە پێی یاسا ئەخرێنە روو، بەمەرجێک هەر کۆمەڵێک لەدەنگدەران بگاتە ئەو ژمارەیەی کە بەیاسا دیاریکراوە بۆ رێکخستنی لیستی هەڵبژاردنەکان ئەگەر ژمارەی کاندیکراوەکان زۆرتر نەبێ لەژمارەی ئەو نوێنەرانەی کە بڕیارە لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا، ئەوا ئەو کاندیکراوانە بە تەزکیە ئەبن بە نوێنەر، بەبێ دەنگدان.

چەند رێسایەکی تۆکمە هەیە کە دەنگدەر پابەندە پێوەی لەرێکخستنی ئەو لیستەی لەناو لیستەکاندا دەستبژێری کردووە دوای تۆمارکردنی لیستی کاندیکراوەکان لە چوار چێوەی ئەم مەرجانەدا:

1- کاندیکراو مافی ئەوەی نییە لەیەک لیست زیاتر ناوی هەبێ، چونکە مافی ئەوەی نییە سەر بەردوو حزب بێت.

2- دەنگدەر مافی ئەوەی نییە دەنگ بدات بەدوو کاندیکراو کە ناویان لەلیستی جیاوازدا هەیە.

3- ناکرێ دەنگدەر دەنگ بەیەک کاندیکراو بدات لەیەک لیستی دیاریکراودا، بەڵکو ئەبێ دەنگ بەهەموو لیستەکە بدات.

4- دەنگدەر مافی گۆڕینی ئەو لیستەی نییە کە تیایدا دەنگی بەکاندیکراوەکەی داوە، نابی ناوی تیا لاببات هەروەک چۆن لەسویسرا باوە.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی بەلجیکا لەساڵی 1899ز کورسی نوێنەرەکان لە نێوان حزبەکاندا دابەش ئەکرێ، بە گوێرەی شێوازی (هۆندت) کە لیژنەی هەڵبژاردنی دەنگەکان دابەش ئەکرێ بەپێی رەنوسەکانی 1، 2، 3، 4،5 ..هتد. رێکخستنی ئەم بەشکردنە بەگوێرەی گرنگیەکەیەتی تا کۆتایی دی بەژمارەیەک هاوتای ژمارەی ئەو نوێنەرانە بێت کە بڕیارە هەڵبژێردرین لەبازنەکەدا.

دوای ئەوە ئەنجامی بەشکردنەکە بە بەسەر بەشدراوەکاندا ئەنجام ئەدرێ بەگوێرەی بەشکردنی ژمارەی کورسیەکان بەسەر لیستەکاندا، هەر لیستێک ژمارەیەک لەم کورسیانەی بدرێتێ بگونجێت لەگەڵ چەند جارەی بەسەردا دابەشکراوەکە بەپێی یاسای بەلجیکی کە پێشتر باسکرا.

سویسرا ئەم شێوازەی پیادە کرد بەکردار، لەفەرەنسا دوای دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران ساڵی 1919ز پیادەکرا، لەپەرلەمانی سویدی ساڵی 1909 ز پێشنیازکرا، یاسای ئیتاڵی کە ساڵی 1919ز دەرچوو، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەسەر ئەم

شێوازە بڕیاریدا ، هەروەها هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا ساڵی 1919ز لەسەر هەڵبژاردنی (ریغ ستاغ) و ئەو هەرێمانەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا پێکی هێناوە.

مەبەست لە کۆلکەی هەڵبژاردن : ئەو رەنووسەیە کە لەدابەشکردنی ژمارەی دەنگە رلستەکان بەدەستهێنراوە کە لەبازنەکەداو دراون بەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی تەرخان کراون بەم شێوەیە:

سستەمی نواندن لەیەك بازنەدا لەسەر ئلستی دەوڵەت:

ئەم سستەمە (کروتی) زانای ئینگلیزی دایهێنا، بازنە زۆرەکانی گۆڕی بۆ یەك بازنە تا بتوانێت کاندیکراوی زۆر لەنوێنەران بگرێتە خۆی بەگوێرەی شێوازی (هار).

1-جێی ئاماژەیە کەوا جیاوازی نێوان نواندنی رێژەیی لەسەر ئاستی دەوڵەتو نواندنی رێژەیی لەسەر ئاستی بازنەکان کە کۆلکەی هەڵبژاردن لەنواندنی رێژەیی لەسەر ئاستی هەموو دەوڵەت، ئەوە کۆلکەی هەڵبژاردنی یەك نەتەوەیە لەهەموو خاکی دەوڵەتدا، لەکاتێکدا کۆلکەی هەڵبژاردن لەنواندنی رێژەیی لەسەر ئاستی بازنەکان کۆلکەیەکی هەڵبژاردنی تایبەتە بەهەموو بازنەیەك بەتەنیا، لەوەش زیاتر جیاوازییەکی جەوهەری هەیە, ئەوەش دابەشکردنی ئەو کورسیانەیە کە ماونەتەوە لەسستمی نوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر ئلستی بازنە لەناو هەموو بازنەیەکدا.

2-چوار چێوەی نەتەوەیی هەڵبژاردنەکان لەنوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر ئلستی دەوڵەتدا لەیەك بازنەدایەو لیستەکانی کێبەرکێی هەڵبژاردن لیستی نەتەوەیی هەموو حزبێك لیستی نەتەوەیی بەکاندیی نوێ پێشکەش ئەکات لەسەر ئاستی دەوڵەت، دەرهێنانی کۆلکەی هەڵبژاردن بەدابەشکردنی ژمارەی دەنگە دروستەکانە لەهەموو دەوڵەتدا بەسەر ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانو دابەشکردنی ئەو کورسیانەی ماون لەسەر ئەساسی زۆرترین ماوەکان.

لەسەر ئاستی یەك بازنە لەدەوڵەتدا هەڵبژاردن ئەنجام درا لەهەڵژاردنەکانی ئیتاڵیا ساڵی 1928ز و پرتوگال ساڵی 1933ز.

هەندێ یلساناسان ئەم سستمە بەساکارو ئاسان ئەزانن ئەگەرچی باش پشتگیری نەکراوە سەرەڕای ساکاریەکەی، لەبەر زۆری خەوشەکانی لەپراکتیزەکرندا.

ئەگەر نوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر ئاستی بازنەکان بوو، هۆکارە بۆ نوێنەرایەتی رێژەیی نزیکەیی ناتەواو بەرێژەیەك نەگاتە نزیکەی 2٪ رێژەی، ئەم شێوازە بەراورد ناکرێ سستمی هەڵبژاردن بەنوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر ئاستی دەوڵەت پرکاتیزە ناکرێ (یەك بزانە) .

زۆر زەحمەتە نوێنەرایەتی رێژەیی بە یەك بازنە لەسەر ئلستی دەوڵەت پراکتیزە بکرێت، لە وڵاتانی بەرفراواندا، لەبەر ئەوە لەوڵاتێك پراکتیزە ئەکرێت کە رووبەرەکەی بچووك بێت هەروەکو دەوڵەتی ئیسرائیل لەبەر ئەم هۆیانە:

1-بچووکی رووبەری وڵات.

2-نەگونجان لەنێوان کاندیدەکاندا.

3-کێبڕکێی توندوتیژ لەنێوان لیستەکانی هەڵبژاردندا.

4-رەچاوکردنی بوونی ئەتنی(رەگەز).

پێش ئەوەی بچینە سەر گفتوگۆکردن دەربارەی سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵ، ئەمانەوی ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:

1-لەروانگەی لایەنێك لەزاناکان پرەنسیپی نوێنەرایەتی پرەنسیپێکی وەهمی شێواوە ، لەراستیدا حکومەتی نوێنەرایەتی حکومەتی زۆرینەیە بەپێی ئەو پرەنسیپەی ئەڵێ حکومەتی نیشتمانی تایبەتە بەنوێنەرانیەوە کە زۆرینەی دەنگدران هەڵیانبژاردوون، بۆ وەرزێکی تەشریعی بە مەبەستی ئەنجامدانی کاروباری فەرمانڕەوایی.

2-كاتێ هەموو وڵات لە یەك بازنەی هەڵبژاردن پێكدێت یان چەندین بازنەی گەورە, زۆرینەی دەنگدەران مافی دیاریكردنی زۆرینەی نوێنەرانیان هەیە, هەروەها دیاریكردنی لێپرسراوانی دەسەڵاتی تەنفیزی لە وڵاتدا, لە كاتێكدا بە گوێرەی پرەنسیپی دەنگدانی گشتی گەل جێبەجێ ئەكرێت, ئەوەش بەدەست بەسەراگرتنی كەمینە دانانرێت لە دوای سەلماندنی ئەوەی كە زۆرینە مومارەسەی مافی جێگیری خۆی زیاتر ناكات.

3-خەوشەكانی سستمی رێژەیی زیادكردنی هێزی كەمینەیە بە گوێرەی زۆرینە لە كورسییەكانی دەسەڵاتی تەشریعیدا كە دەبێتە هۆی رق هەمەجۆر لە نێوان لایەنەكانی پەرلەماندا, ئەوەش ئەبێ بەهۆی قورس و گرانی دەركردنی یاسا, لەبەر كێشەی دەنگدانی نوێنەرەكان لەسەر پرۆژەكان و پێشنیارەكانی یاساكان, لە ئەنجامی ئەوەدا ئەحكامەكانی ئەگۆرێ, بەشێوەیەكی وەها كە لەگەڵ ویستی كەمەنەتەوەكاندا بگونجێت, پێش ئەوەی ببن بە یاسا بەهۆی دووربوونیانەوە لەو یلسایانەی كە دانەرەكانیان لەسەری رۆیشتوون, ئەوەیە وی لێدەكات نەگونجاو بێت لەگەڵ رێساكانی تەشریعیدا.

4-سەرەڕای ئەوانەی پێشتر باسیان لێوە كرا سستمی نوێنەرایەتی رێژەیی حكومەتەكان سەقامگیر ئەكات، بەهۆی نەبوونی زۆرینەی حزبێكی دیاریكراو بوونی نییە لە دەسەڵاتی تەشریعیدا، ئەم حزبە ئەتوانی حكومەت پێكبهێنێ یان زۆرینەی دوو حزب لەسەر پێكهێنانی رێك ئەكەون, ئەوەش وا ئەكات حكومەت لە چەند حزبێك پێكبێت, بەشێوەیەكی گشتی ئەم هۆكارییە هەندێ وڵاتانی وا لێكرد سستمی تێكەڵ پەیڕەو بكەن.

سستمی هەڵبژاردنی تێكەڵ:

مەبەست لە سستمی هەڵبژاردنی تێكەڵ, لێكدانی سستمی هەڵبژاردنی تاك و سستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتییە بە لیست:

**سستمی هەڵبژاردنی تێكەڵ دابەش ئەبێ بۆ:**

1-سستمی هەڵبژاردنی تێكەڵی ساكار.

2-سستمی هەڵبژاردنی تێكەڵی ئاڵۆز.

سستمی هەڵبژاردنی ساكار ئەبێ بەچەند لقێكەوە:

1-سستمی رێژەیی ناتەواو, لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو كورسیانەی كە دیاریكراون بۆ هەر بازنەیەك كەم ئەكاتەوە بۆ سێ یا چوار كورسی, هەڵبژاردنی نوێنەرەكانیشی بە نواندنی رێژەیی ئەنجام ئەدرێت, حزبە گەورەكان ئارەزووی گەورەیان هەیە لەم سستمەدا، چونكە زۆرینە بەدەست ئەهێنن.

2-دابەشكردنی دەوڵەت بۆ بازنەكان ئەنجام ئەدرێت كە تیایدا هەڵبژاردنی نوێنەرەكان بە نواندنی رێژەیی و, هەندێكیان نوێنەرەكان هەڵئابژێرن, بە سستمی نواندن بە زۆرینە لە هەندێكی تردا.

ئەم سستمە ئەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو كۆمەڵ لە دەنگدەران:

1-ئەو دەنگدەرانەی دەنگ ئەدەن لەسەر پرەنسیپی نوێنەران بە زۆرینە.

2-ئەو دەنگدەرانەی دەنگ ئەدەن لەسەر پرەنسیپی نوێنەرانی رێژەیی, ئەمەش بارەكە لەسەر نوێنەرەكان پێچەوانە ئەكاتەوە, كۆمەڵێك هەڵبژاردن لەسەر پرەنسیپی زۆرینە ئەنجام ئەدەن و كۆمەڵێكی تر لەسەر پرەنسیپی نواندنی رێژەیی.

لەسەر ئەوەش ئەم سستمە كەرەستەكانی هەڵبژاردن خۆش ئەكات, ئەگەر هیچ لیستێك لە لیستەكان زۆرینەی رەها بەدەست نەهێنێ, ئەم سستمە لە هەڵبژاردنەكانی فەرەنسا 1919ز و 1942ز بەكارهێنرا, ئەوسا ئەم سستمە تەواوكەری سێ شێوەی تەواوكەری تربوو كەئەمانەن:

1-لیستە ناتەواوەكان.

2-كاندیكراوە تاكەكان (سەربەخۆكان)

3-تێکەڵکردنی لیستەکان بە ئازادییەکی تەواو، ئەگەر کورسییەکان دابەش نەکرێ بەسەر پرەنسیپی کۆلکەی هەڵبژاردن، دەبێت بدرێت بەو لیستەی زۆرترین ژمارەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، واتە دابەشکردنی بەپێی زۆرینەی ڕێژەیی ئەگەر هیچ لیستێك زۆرینەی رەهای بە دەست نەهێنا.

ئێستا ئیتاڵیا دائەنرێت بە نموونە بۆ سستمی هەڵبژاردنی تێکەڵی ساکار، چونکە لە ئیتاڵیا ئەمانە پراکتیزە ئەکرێن:

1 سستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی.

2 سستمی دەنگدانی شیاو بۆ گۆڕان.

سستمی هەڵبژاردنی تاك لە بازنەیەکی تەنیا، کە ناکرێ تیایدا هیچ حزبێك لە یەك کەس زیاتر کاندید بکات، سستمی دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن لە نێوان دوو کاندیدکراو لە خولی دووەمدا، هەروەها سستمی هەڵبژاردنەکان لە لیستی حزبە جیاوازەکان، کە ئیتاڵیا دابەش ئەبێ بۆ 32 بازنەی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، لە 31 بازنەیان سستمی هەڵبژاردنەکان بە لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پیادە ئەکرێ، هەرێمی (فال داوست) بازنەی هەڵبژاردنی تاکە، تیایدا هەر حزبێك یەك کەس کاندید ئەکا، کاندیدکراوەکە براوە ئەبێ ئەگەر لە خولی یەکەمدا زۆرینەی رەهای بەدەستهێنا ئەگەر هیچ کاندیدکراوێك کاندید نەکرێ ئەم زۆرینەیە جەولەی دووەمی هەڵبژاردن ئەنجام ئەدات، دوای دووهەفتە کاندیدکراو تیایدا براوە ئەبێت و زۆرینەی ڕێژەیی بەدەست ئەهێنێ.

3- هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیران بەپێی ئەو ڕێسایەی هەڵبژاردنە ئەنجام ئەدرێت کە ئیتالیا ئەکات بە چەندبازنەیەکی هەڵبژاردنی یەکسان بە ژمارەی کورسیە پێویستەکانی ئەنجومەنی پیران، حزبەکان نوێنەری خۆیان کاندید ئەکەن لەم بازنەیەدا لەسەر بناغەی یەك ئەندام بۆهەر بازنەیەك، بەمەرجێك کاندیدکراو لەیەك هەرێم زیاتر مافی کاندید کردنی خۆی نییە، دەنگدەر یەك دەنگی ئەدات بەکاندیدکراوی ئەو حزبەی خۆی کە بەباشترینی ئەزانێ، ئەگەر کاندیدکراو لە 65٪ دەنگەکانی بەدەستهێنا لەبازنەی هەڵبژاردنەکەدا ئەوا بەسەرکەوتو دائەنرێت، ئەگەر هیچ کام لەکاندیدکراوەکان ئەو زۆرینەیە بەدەست نەهێنن، ڕێگەی هوندت لەسستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەبازنەیەکی دیاریکراودا بەکار ئەهێنرێت.

**سستمی هەڵبژاردنی تێکەڵی ئاڵۆز:**

ئەم سستمە لەسەر بناغەی تێکەڵکردنی نێوان نوێنەرایەتی ڕێژەیی و نوێنەرایەتی زۆرینە دامەزراوە، وادائەنرێت نزیکترە لەنوێنەرایەتی ڕێژەییەوە، گرنگترینیان سستمی یەکگرتوی فەرەنسی و سستمی هەڵبژاردنی ئەلمانیایە.

1 سیستمی هاوپەیمانی فەرەنسی بەکارئەهێنرێت لەهەریەك لەچوارچێوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەلیست لەسەر ئاستی بازنەکەو چوارچێوەی نوێنەرایەتی بە زۆرینەی لیست بۆ یەك خول.

نوێنەرایەتی ڕێژەیی پشت بەلیست ئەبەستێ لەسەر ئاستی بازنە بەپێ پرەنسیپی سادە کە ئەوە ئەگەیەنێ لیستە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن لە یەك بازنەدا ئەو مافەیان هەیە کە هەر هەموویان لەناو یەکدا ڕێك بکەون لەسەر خستنە سەری ئەو دەنگانەی کە هەندێکیان بەدەستیان هێناوەو لەگەڵ یەکدا کۆبکرێنەوەو، بەیەك لیست دابنرێت کاتێ کە کورسیەکان دابەش ئەکرێن بەسەر لیستەکاندا، لەئەنجامی ئەم خستنە سەری دەنگانەی لیستە هاوپەیمانەکان لە گەڵ یەکتریدا ئەم لیستانە کورسی زۆرتر بەدەست ئەهێنن لەو لیستانەی تێکەڵاونین.

2-دابەشکردنی کورسیەکان بەسەر لیستی هاوپەیمانەکانداو لیستەکانی تر لەسەر ئەم بناغانەیە ئەبێت:

1-کۆلکەی هەڵبژاردن.

2-لەسەر بناغەی گەورەترین مام ناوەندەکان

3-ئینجا لەسەر گەورەترین ماوەکان.

دابەشکردنێکی تر ئەنجام ئەدرێت لەناو لیستە هاوپەیمانەکاندا لە نێوان حزبە هاوپەیمانەکان دوای هاوسەنگی کردن لە نێوانیاندا لەسەر بناغەی گەورەترین مامناوەندەکان یان لەسەر گەورەترین ماوەکان.

**سستمی هەڵبژاردنی ئەلمانی:**

1-ئەم سستمی هەڵبژاردنە لەسەر بناغەی هەڵبژاردنی نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دامەزراوە (پوند ستاغ) بەهەڵبژاردنی تاك بەزۆرینەی ساکار لەسەر یەك خول.

2-هەڵبژاردنی نیوەکەی تری ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە هەڵبژاردن بە لیست بەنوێنەرایەتی رێژەیی ئەنجام ئەدرێت.

3-گشت کورسیەکان دابەش ئەکرێن بەسەر لیستەکاندا بەنوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر ئاستی بازنەکان، حزبەکان مافی بەشداربوونیان هەیە لەدابەشکردنی کورسیەکان لەسەر بناغەی نواندنی رێژەیی، ئەگەر حزبەکە 5%ی لەکۆی ئەو دەنگانە بەدەست هێنا لەو دەنگانەی لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەو حزبانەی 5% لە کۆی ئەو دەنگانە نەهێنا ئەوا هیچ کورسییەك بەدەستناهێنێ لە هیچ بازنەیەکدا لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی رێژەیی.

لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم سستەمە دابەشبونی ئەلمانیای یەکگرتووی کرد بە دووجۆر بازنە:

1-جۆری یەکەم: دابەشبوونی دەوڵەت بۆ بازنەی بچووك کەتیایدا دەنگدان بە هەڵبژاردنی تاك بەزۆرینەی رێژەیی یەك خول ئەنجام ئەدرێت.

2-جۆری دووەم: دابەشبونی دەوڵەت بۆ بازنەی گەورە گەورە بازنە بچووکەکانیش ئەگرێتەوە.

هەڵبژاردن تیایدا بەنوێنەرایەتی رێژەیی ئەنجام ئەدرێت، لەم دووجۆرەی لەسەرەوە باسکران دەنگدەران دەنگ ئەدەن لەبەرئەوەی بازنە گەورەکان لەهەمان کاتدا ژمارەێك لەبازنە بچووکەکان ئەگرێتەوە، دەنگدان تیایدا بەسستمی هەڵبژاردنی تاك ئەنجام ئەدرێت، بۆیە لەهەمان کاتدا دەنگدەران دووجار دەنگ ئەدەن لەهەمان شوێنو ساتدا، ئەو کاتەی کەدەنگدەر چەپکێکی تر کە هەڵبژاردنی لیستێك لەکاندیدکراوان ئەگرێتەخۆی بۆ نوێنەرایەتی بازنەی گەورە بەپێی سستمی نوێنەرایەتی رێژەیی لەگەڵ وەرگرتنی بنچینەی گەورەترین مامناوەندەکان جیاکردنەوەی دەنگەکانو دابەشکردنی کورسیەکان لەیەك کاتدا بەدوو کردار ئەنجام ئەدرێت.

هەرچەندە ئەم سستەمە لەلایەن شێوەی دەرەوەی ئاڵۆز دیارە، بەلاّم بەکردار زۆر ساکارە لەسەرئەوەشەوە چەندین سیفاتی هەیە لەوانە:

1-پارێزگاریکردن لەئازادی دەنگدەرو شاردنەوەی لیستە داخراوەکان بەگوێرەی نیوەی نوێنەرەکان کە هەڵبژێردراون بە سستمی تاك.

2-ئەم سستەمە دوور ئەکەوێتەوە لە خەوشەکانی هەڵبژاردن بەزۆرینە، مادامەکی حزبەکان دڵنیان کەژمارەیەك لەکورسیەکان بەدەست دێنن لەگەڵ ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە گونجاو بێت.

3-لەهەمان کاتدا ئەم سستمە هۆکارە بۆ ونکردنی شوێنەواری خراپی نوێنەرایەتی رێژەیی دەربارەی رۆڵی دەنگدەرو فرەیی حیزبەکان.

**سستمی هەڵبژاردنی تایبەت بە نوێنەرایەتی کارو پیشە:**

سستمی هەڵبژاردنی بنیادنراوی تایبەت بە نوێنەرایەتی خاوەن کارو پیشەکان، پشت ئەبەستێ بەنوێنەرایەتی رەگەزەکانی کۆمەڵایەتی -ئابوری لەدەوڵەتدا، نەك لەسەر نوێنەرایەتی مەیلو رای سیاسی لەدەسەڵاتی تەشریعیدا، واتە نوێنەرایەتیەکە بەپێی جۆری پیشە بێت نموونەی مافپەروەران، پزیشکان، ئەندازیاران، جوتیاران، بازرگانو کرێکاران..هتد.

ئەم نوێنەرایەتییە بەشێوازی سەربەخۆیی هەموو پیشەیێك ئەندامەکانی خۆی بۆ دەسەلاّتی

تەشـــریعی هەڵبـــژێرێت کـــە لەوانەیـــە لەنوێنـــەرانی تـــەواوی پیـــشەکان پێکهاتبـــێ، بۆئـــەم جـــۆرە پیـــشانە رێژەیـــەکی دیـــاریکراوی کورسـیـەکانی دەســەڵاتی تەشـریعی دائـــەنرێت لەتـــەك كورسیـــەكانی کەتایبـــەتن بەنوێنـــەرانی سیاسی .

ســستمی نوانــدنی کــارو پیــشە بایــەخی پێنــادرێ زۆرینــەی هەرە زۆری سیستمە نوێیە کانی هاوچەرخ وەلایا ناون.

ئــەم ســستمە لەنەمــساو مــەغریب پیادە کــراو لەهەنــدێ حــوکمی دەســـتووریدا بریـــاری رێژەیـــەکی دیـــاریکراوی کرێکـارو جوتیـار درا( میـسر لەشەسـتەکانەوە تـا ئێـستا- سوریا) هەندێ جاریش سودان.

لەکۆتایــدا ئــەبێ ئاماژەبکرێــت بەئــەوەی کــەوا شــێوازی هەڵبـــژاردنی تـــر هـــەن وەك هەڵبـــژاردنی بـــەئارەزو, هەڵبـــژاردنی بـــەزۆرە ملـــێ, لـــەوەش زیـــاتر شـــێوازی هەڵبژاردنی ئاشکراو هەڵبژاردنی نهێنی هەیە.